نەچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدا دەکات و لەگەڵ هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کەدەبەتەوە

ئەوارەی ئەمڕۆ شەممە، هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و هەرشە درێنییەکەی سەر کەڵگەی غازی کەرمەر، هەروەها بەشداریی پارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەردانەکەی مەحەممەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە واشنتن و چەند پرسێکی دیکە کە دەبەتەوە.

هاوپەیمانییە بەڕێوەبردنییە دەوڵەت لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەتی عێراق تێیدا بەشدارن، ئەو کۆشانەی پێیوەندارن بەپرسی بەڕێوەبردنی حکومەت و دەسیە هەستیارەکان لە کۆبوونەوەی ئەو هاوپەیمانەتیە یەکلاییدەکرێنەوە.

بەیارە نەچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو نوێنەری حزبەکەی بەشداریی لە کۆبوونەوەکەدا بکات.

هەر ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کەدەبەتەوە، هەروەها سبەینێش لەگەڵ د. لەتیف ڕەشید سەرۆک کۆمار و فایق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی دادی عێراق و موحسین مەندەلاوی سەرۆکی کاربەدەستی ئەنجومەنی نوێنەران و لایەنە سیاسییەکان کەدەبەتەوە.